وەزارەتی پیشەسازی هەولێر و بڕیاریك ... سەروەر تەها

لەو ڕۆژانە لە ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارەی ڕۆژی 16 \ 11 \2003 چاوم بە روونکردنەوەیەکی وەزارەتی پێشەسازی هەولێر کەوت سەبارەت بە کێشەی کارەبا. نامەوێ باس لەو کێشەیە بکەم، چونکە ئەوە پەیوەندی بەنووسینەکەی من نیە. بەڵام دەمەوێ هەڵوەێستەیەك لە سەر چەند دێرێك بکەم کە دەڵێت ( (هەروەك هەموو لایەکیش ئاگادارن بە بڕیارێکی وزاری لە بەغداوە هەموو هاوولاتیانی عێراق تاکۆتایی ئەم ساڵ بەخشراون لە پارەی کارەبا) ) ئەم چەن دێرە سەرنجی راکشام کە هەندێك تێبینی بنووسم، حوکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو دامودەزگاکانی، وەك هەمووومان دەزانین لە ساڵی 1992 لەئەنجامی پرۆسەیەکی هەڵبژاردن، دامەزرا بەڵام لە ئابی 1996 هەم حوکومەتەکە و هەم وەزارتەکان و پەرلەمان بە دەبابەی (بەعس) لەبەریەك هەڵوەشانەوە. حوکومەتە خۆڕاگرەکەش بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵك جارێکتر لە سلیمانیەوە تروسکەی هیوای بە کورد بەخشیەوە، تا لەدوای ساڵی (2000) دا بە هیمەتی وەزیرە تێکۆشەرەکان و سەرکردایەتی (ی ن ك) چەند هەنگاوی شایستەی هاویشت و توانی ئیدارەکەی هەولێریش لە سێبەری بەعسیەکان دەربازبکات. هەر لەسەرتاش هەوڵی بەردەوامیان داوە بۆ ئەوەی جارێکی تر لە سندوقی هەڵبژاردن تەواوی کێشە سیاسیەکان چارەسەر بکرین، پەرلەمانێکی کوردستانی دروست بکرێت. بەڵام ئیدارەی هەولێر بەپێچەوانە و هەمێشە هەوڵی بەربەست دانانی جۆرەها کۆسپی داوە. کە هەمووشیان گرنگتر ئەوەیە تا بۆیان کراوە هەوڵیان داوە. هەمووشتێك لە نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی بمێنێتەوەو لەدەرەوە باس نەکرێت کە ئەمش تارادەك سێبەری لەسەر هەڵوێستی (ی ن ك) داهێشتۆتەوە.

بەڵام ئەمڕۆ پارتی و حوکومەتەکەی واز بە تەواوی لە حوکومەتی هەرێمی کوردستان دەهێنێ و بڕیارەکانی وزارەتی بەغدا دەکات بە مەحەك تا ڕاستیەکان بشێوێنێ و دەڵێت ( (وەزارەت لە بەغدا هەموو هاوڵاتیانی بەخشیوە) ) لێرە ئەو پرسیار دێتە ئاراوە، ئەگەر بڕیارەکانی بەغدا بۆ کوردستان ئەساس بن ئەی وزارەتەکەی ئەوان مانی چیە و بەناوی چی قسە دەکەن. ئەی نە ئەبوو ئاماژە بەو بڕیارەی حوکومەتی هەرێمی کوردستان کردبا کە کاك بەرهەم سالح خەڵکی هەولێری لەپارەی کارەبا بەخشین و بەڵام ئەوان خۆیان هەر وەریان گرت.

بەڵام پێ دەچێت مۆدێلی 1996 بێتە مۆدێلێکی باو و ئیدارەی هەولێر کار پێبکات و دژی هەر خواستێکی هاوڵاتیانی کوردستان و بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستانیشیان هەر بۆئەو مەبەستەیە کە خۆیان لەمێژە لەسەری راهاتوون.